# حوكمی ڕاو كردن له‌ حه‌ره‌می مه‌دینه‌ و بڕینی دره‌ختی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ده‌سته‌ی به‌شی زمانی كوردی له‌ ماڵپه‌ڕی ئیسلام هاوس

پێداچونه‌وه‌ی :پشتیوان سابیر عه‌زیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم صيد حرم المدينة وقطع أشجارها ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# حوكمی ڕاو كردن له حه‌ره‌می مه‌دینه و بڕینی دره‌ختی

**پرسیار :** ئایا راو كردن له حه‌ره‌می مه‌دینه و پڕینی دره‌ختی وه‌ك حه‌ره‌می مه‌ككه وایه ؟

**وه‌ڵام :** به‌ڵێ ڕاوكردن و پڕینی دره‌ختی سنووری حه‌رمی شاری مه‌دینه‌ش وه‌ك حه‌رمی شاری مه‌ككه وایه وبه تاوان داده‌نرێت وئه‌و كه‌سه‌ی پێی هه‌ڵده‌ستێت گوناهبار ده‌بێت، به‌ڵام ئه‌و كه‌سه‌ی ئاژه‌ڵێك له‌ناو حه‌ره‌می مه‌ككه‌دا ڕوابكات یان دره‌ختێكی بشكێنێت ئه‌و به‌ده‌قی ئایه‌ت و ئیجماعی زانایان ده‌بێت بكه‌ره‌كه‌ی تۆڵه‌ی بكاته‌وه‌، وه‌ك خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی : {فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ}المائدة:٩٥ واته : تۆڵه‌ی ئه‌و كه‌سه‌ی كه ئاژه‌ڵێك ده‌كوژێت ئاژه‌ڵیكه وه‌ك خۆی، به‌ڵام له‌ناو حه‌ره‌می شاری مه‌دینه‌دا بكه‌ره‌كه‌ی تاوانبار و

گوناهباره وهیچ بەڵگەیەك نییە کە باسی تۆڵەکردنەوەی ڕاوکردنی ئاژەڵی ناو حەرمی مەدینە بکات .

ئەو فەرموودانەیشی کە باس لە حەرمی شاری مەدینە دەکەن ئەم فەرموودانەن :

عن عَبَّادِ بن تَمِيمٍ عن عَمِّهِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قال إِنَّ إبراهيم حَرَّمَ مَكَّةَ وَدَعَا لِأَهْلِهَا وَإِنِّي حَرَّمْتُ الْمَدِينَةَ كما حَرَّمَ إِبْرَاهِيمُ مَكَّةَ { رواه البخاری (٢١٢٩) و مسلم (١٣٦٠)} واتە : عوببادی کوڕی تەمیم لەمامەیەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلی اللّٰه علیه وسلم) فەرمووی: بێگومان ئیبراهیم شەڕو ئاشوبی لەمەککەدا حەرام کردودوعای بۆ کرد بێگومان منیش جەنگ و ئاشوب لە مەدینەدا حەرام دەکەم وەك چۆن ئیبراهیم لە مەککە حەرامی کرد .

عن علي رضي الله عنه قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) الْمَدِينَةُ حَرَامٌ ما بين عَائِرٍ إلى ثَوْرٍ . { رواه البخاري (١٨٧٠) و مسلم (١٣٧٠)} واته : عەلی کوڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)  فەرمووی : مەدینە حەرەمە - ڕێزدار - لە عەیرەوە بۆ ثور،  (دوو چیان لەم لاو ئەولای مەدینەوە) .

عن جَابِرٍ قال قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ان إبراهيم حَرَّمَ مَكَّةَ وَإِنِّي حَرَّمْتُ الْمَدِينَةَ ما بين لَابَتَيْهَا لَا يُقْطَعُ عِضَاهُهَا ولا يُصَادُ صَيْدُهَا) { رواه مسلم (٤٥٨ / ١٣٦٢) } واته : جابیر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بێگومان ئیبراهیم مەککەی کردە حەرەم بێگومان منیش

مەدینەم کردە حەرەم لەم سەر بۆ ئەو سەری درەختەکانی ناپڕدرێت و نێچیرەکانیش راوناکرێت .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە ....